ئەو ڕووداوەی چاوەڕوان دەکرا ڕوو بدات، ڕووی نەدا.

٢٤ کاتژمێر پێرفۆرمانسی هونەرمەند ڕەنج حیکمەت

زاموا داراغا



١ی نۆڤێمبەری ٢٠٢٦ شێوەکاری

مالّ

هونەرمەند ڕەنج حکمەت بڕیارِ دەدات مالّەکەی خۆی بۆ بیست و چوار کاتژمێر بگوازێتەوە ناو فەزای گشتی، واتە شوێنی نیشتەجێبوونی لە شوێنێکی (تایبەت و کەسی)یەوە بگوازێتەوە بۆ فەزای گشتیی شار. مالّ ئەو شوێنەیە کە مرۆڤ دروستی کردووە بۆ پاراستنی ژیانی تایبەتی و کەسی کەسەکان یان خێزانەکان

لە دژی ئەوەی تـــر، دروســـتکردنی ئەو دیـــوارە کە مـــرۆڤ کەســـایەتیی خـــۆی و نهێنییەکـــانی تێـــدا دەبپـــارێزێ لە چـــاو ئەوانەی تـــر، یـــان شـــاردنەوەی ئەو هەڵســوکەوتەی کە هەڵدەســتێ بە ئەنجامــدانی لە پشــت دیوارەکــانەوە کە نــامۆیە بــۆ دابــونەریتی کــۆمەڵگە، بە واتــایەکی تــر مــاڵ ئەو شــوێنە ئــارامەیە کە کەســایەتیی شــاراوەی کەســەکان بەنهێنــی دەهێڵێــتەوە لە چــاوی کــۆمەڵگە و ئەوانــی تــر. لێــرەدا مــاڵ دەبێــتە هەڵگــری چەنــدین نهێنــی و ڕووداو کە کەســەکان لە پشــتی دیــوار و دەرگاکانی ماڵەکاندا ئەنجامی دەدەن.

بەڵام هونەرمەنــد ڕەنــج حکــمەت نــایەت هەمــان ئەو مــاڵە ئاســاییە کە لە ڕۆژانەدا تێیــدا دەژی بیهێنێــتە فەزای گشــتییەوە یــان وەکــوو خــۆی دایبنێــتەوە، بەڵکــوو هەوڵ دەدات مانــا و شــێوەی مــاڵ بگۆڕێــت! واتە ئەو مانــا کلاســیکییە بــاوەی کە مــاڵ هەیەتــی تێکــی بشــکێنی و بەشــێوەیەکی جیــاواز مانــایەکی تــری بــاتەوە بە مــاڵ، لە مانــا کلاســیکییەکەی دەریبهێنــی کە ئەویــش (پاراســتن و ئــارامییە) لە دژی ئەوانــی دی، واتە (داخــراوە)، بەڵام لەلای هونەرمەنــد ڕەنــج حکــمەت (کــراوەیە و بێســنووڕە، شــەفاف و بینــراوە بــێ دیــوار و دەرگــا و پەنــجەرە و بنمــیچە)، لە هەمــان کاتــدا مــاڵەکەی هونەرمەنــد ڕەنــج حکــمەت مرۆڤەکــان سەربەســت و ســەربەخۆن لەنــاو (بــۆکس)دا نــین و کــاریگەریی ماڵیــان بە ســەرەوە نیــیە، واتە هونەرمەنــد دیزاینــی مــاڵەکەی بەشــێوەیەک کــردووە کە خــۆی (هونەرمەنــد) لە دەرەوەی ســنووری مــاڵەکە بێــت، نەک لەنــاو ماڵەکەیــدا، بــۆ نمــوونە، قەرۆێــڵەی نووســتنەکە (تەختــی نووســتن) لە دەرەوەی مــاڵەکەیە، واتە لەژێــر ســەقفی مــاڵەکەدا نیــیە بەڵکــوو لە تەنیشــت مــاڵەکەدایە، کە کاتێــک بیەوێــت بــخەوێ و خەو ببینــێ یــان لەکــاتی ڕاکشــان و بیرکــردنەوەدا سەربەســت بێــت، کــاریگەریی مــاڵی بە ســەرەوە نەبــێ و نەبێــت بە بەشــیک لەو بۆکســــە داخــــراوە، بە هەمــــان شــــێوە بــــانیۆکە (تەشــــتی خۆشــــتن) لە

دەرەوەی سـنووری مـاڵەکەیە، ئەو کـاتەی کە دەیەوێـت خـۆی بشـوات و خـۆی پـاک بکـــاتەوە لە دەرەوەی مـــاڵەکەدا ئەم کـــرداڕە ئەنجـــام دەدات، ئەوەی کە لێـــرەدا پەیوەنـدی دروسـت دەکـات، ئەو ئـاوەیە کە لە دووشـەکەوە دەڕژێـتە خـوارەوە بـۆ نـاو بـانیۆکە، کە بەسـتراوە بە تـانکی سـەر بنمیچـی گەرمـاوەکە، ئەم پەیوەنـدییەش پەیوەنـدییەکی کـاتییە، لەگەڵ نەمـانی ئـاو لە دووشـەکەوە ئەو پەیوەنـدییەش نـامێنێ، بە هەمـان شـێوە تەوالێتـی ڕۆژئـاوایی، لە دەرەوەی سـنووەی مـاڵەکەدایە، تەنهـا بە مـاڵەکەوە لکـاوە، ئەویـش بـۆ کـۆکردنەوەی پاشـەڕۆی (گـوو – میـز) لەژێـر مـاڵەکەدا، بەم شـێوەیە کـرداری گـووکردن، لەگەڵ میزکـردن، خۆشـتن و خەوتـن، وەکـوو کـردەوە (کـار – فعـل) لە دەرەوەی مـاڵەکە ڕوو دەدات بەڵام دەرئەنجـامەکە یـان بەرهەمەکەی دەچێـتەوە بـۆ مـاڵەکە. لێـردا هونەرمەنـد دەیەوێـت ئەوە بڵێـت کە مرۆڤ لە دەرەوەی ماڵ سەربەخۆترە وەکوو (بکەر – فاعل).

کوتلە وەک هێمایەک بۆ ماڵ

مـاڵەکەی هونەرمەنـد ڕەنـج حکـمەت مـاڵ نیـیە وەک باڵەخـانەیەکی ئاسـایی، بەڵکـوو وەکـوو مانـا مـاڵە یـان وەک هێمـایەکە بـۆ مـاڵ، واتە کـوتلەیەکی ڕەمـزییە بـۆ مـاڵ، لێـرەدا هونەرمەنـد ڕەنـج حکـمەت هەڵدەسـتێ بە ئەبسـتراکت(تجرید)کردنی مـاڵ بەشـێوەیەکی (سـوریالی) فرەڕەهەنـد، ئەویـش بە هەڵـگەڕانەوەی بەشـەکانی مـاڵەکە بە چەنـد شـێوەیەکی جیـاواز (هەمە چەشـنەی ڕوانـگەی جیـاواز) بەڵام لەسـەر یەک (کـوتلەی یەکگرتـوو) واتە چەنـد ڕوانگەیەکـی تێکشـکاوی یەکگرتـووی لەخـۆ گرتـووە، بـۆ نمـوونە گەرمـاوەکە لەسـەر لایە، واتە ئەرزی گەرمـاوەکە بـووە بە دیـواری گەرمـاوەکە، لە هەمـان کاتـدا بـانیۆکە کـوتلەیەکی سـەربەخۆیە لە دەرەوەی گەرمـاوەکەیە، دەکرێـت بڵێـین بە ئاسـمانەوەیە، بە هەمـان شـێوە تەوالێـتە

ڕۆژهەلاتییەکە هەڵگەڕاوەیە، واتە تەوالێتە ڕۆژهەلاتییەکە بە ئاوەژوو دانراوەتەوە، نەک (لەسەر زەوی دانرابێت) بەڵکوو ئەرزی تەوالێتە ڕۆژهەلاتییەکە چۆتە سەرەوە لە بنمیچەکە جێگیرکراوە، ئەمەش وای کردووە هونەرمەند ڕەنج حکمەت دەستکاری جازیبیەتی زەوی (هێزی ڕاکێشانی زەوی) بکات لە دیزاینی ئەو کوتلەیە، و بەڵگەش بۆ ئەمە، سیفۆنی ئاوی تەوالێتە ڕۆژهەلاتییەکەیە وەکوو خۆی بە دیواری تەوالێتەکەوە هێشتووەتەوە وەک چۆن لە واقعدا هەیە، یان تەوالێتە ڕۆژئاواییەکە دەستەسڕەکە و بەلۆعەکە بە دیوارەکەوەیە کە لە واقعدا تەختاییی زەوی گەرماوەکەیە، لە هەمان کاتدا تەوالێتە ڕۆژئاواییەکە لکاوە بە دیواری گەرماوەکەوە کە لە واقعدا زەوی گەرماوەکەیە، بەڵام ژێری بۆشە، بۆ بانیۆکەش خاولی خۆ وشککردنەوەکە بە دیوارەکەوە هەڵواسراوە وەکوو لە واقعدا بوونی هەیە، بەڵام بەلۆعەی دووشەکە بە بنمیچی ماڵەکەوەیە، بەڵام لە واقعدا ئەوە بنمیچ نییە بەڵکوو دیواری واقعیی گەرماوەکەیە، تانکی سەر سەربانەکە لە سەر سەربانەکە نییە بەڵکوو لەسەر دیواری گەرماوەکەیە لە واقعیدا، پەیژە ئاسنەکە لە واقعدا بە زەویی گەرماوەکەوە دانراوە بۆ چوونە سەر دیواری گەرماوەکە نەک بنمیچی گەرماوەکە بەڵکو بۆ دیوی ژێرەوەی تەوالێتە ڕۆژهەلاتییەکە کە بە ئاوەژوو دانراوە، واتە هەمووی دژ بەیەک لکێنراون بە یەکەوە. ئەم کوتلەیە شێوە ئەبستراکت دەرچووە.

گەر لە دوورەوە ئەم کوتلەیە ببینین، بەم وەسفەی سەرەوە دەردەکەوێت کە ئەم کوتلەیە لەسەر زەوی نییە، بەڵکوو بە ئاسمانەوە وەستاوە بەهۆی ئەو پێچەوانانەی دژ بەیەکە لە دیوار و سەقف و زەویدا پێکەوەی لێکدراون، لەوانەیە وەک پەیکەرێکی ئەبستراکتی دەرکەوێت، بەو کەلوپەلەی کە پێوەی لکێنراوە، وەکوو تانکی ئاو و پەیژەی ئاسنین و سیفۆنی ئاو و دووش... هتد، بەڵام لە

بنەڕەتـــدا هونەرمەنـــد ڕەنـــج حکـــمەت هەوڵـــی داوە وەک کـــوتلەیەک بە ئاســـمانەوە بمێنێـــتەوە کە دژی یاســـای هێـــزی کێشـــکردنی زەوی (جـــازبیە) بێـــت یـــان ئەوەتـــا دەیەوێـــت لە هەمـــوو لایەکەوە ببینرێـــت، بەڵـــگەی ئەوەش ئەم کـــارە خـــۆی لەســـەر ســـەربانی باڵەخـــانەیەکی چەنـــد نهـــۆمی بەرزدا دروســـتی کـــردووە، کە هەوڵـــی ئەوە دەدات ئەو هەســـتە لەلای بیـــنەر دروســـت بکـــات کە ئەم مـــاڵە بە ئاســـمانەوەیە وە یەک ڕووی نییە بەڵکوو چەندین ڕوویەکی پێچەوانەی هەیە.

شوێن

لێـرەدا شـــوێن پەیـــامێکی سیاســـی لە پشـــتەوەیە لە هەمـــان کاتـــدا ئـــاکتێکی سیاســـییە، هونەرمەنـــد ڕەنـــج حکـــمەت، ئەم شـــوێنەی بە تـــایبەت دەستنیشـــانی کـــردووە، بـــۆ کـــارەکەی، واتە دوای گەڕانێکـــی زۆر کەوتـــۆتە ســـەر ئەو بڕیـــارە کە لەســـەر ســـەربانی فەرمـــانگەیەکی هـــونەری شـــاری ســـلێمانی، لە نـــاو کـــارگەی کولتـــوور کە گەورەتـــرین ســـەنتەری کولتـــووری شـــارەکە لەخـــۆ دەگـــرێ، ئەم کـــارەکەی تێـــدا بە ئەنجـــام بگەیەنـــێ، کە بە بـــاوەڕی مـــن ئەم بڕیـــارە لە باکگراونـــدێکی سیاســـی و دژە دەســـەڵاتی کولتـــوورییەوە هـــاتووە، وەک پەرچەکردارێـــک دژ بە ڕەوشـــی کولتـــووری ئەم نـــاوچەیە بەگشـــتی و شـــاری ســـلێمانی بەتـــایبەتی، واتە شـــوێنی کـــارەکە لە کۆنســـێپتی کـــارە هونەرییەکەیـــدا پشـــکی شـــێری بەردەکەوێـــت. لێـــرەوە شـــوێن پانتـــاییەکەکی گەورەی داگیـــر کـــردووە لە نـــاردنی ئەو نـــامەیە کە لە ڕێـــگەی کـــارە هـــونەرییەکەوە دەیەوێـــت بیگەیەنێـــت بە بیـــنەر، بەتـــایبەتی ســـەربان وەک بەرزتـــرین شـــوێن یـــان دەتـــوانم نـــاوی بنـــێم (لـــوتکە) واتە منـــی هونەرمەنـــد لە بەرزتـــرین شـــوێنی دەســـەڵاتی کولتـــووری ئەم شـــوێنەوە لە نـــاو گەورەتـــرین شـــوێنی کولتـــووری ئەم شارەدا ئەم کارەکە ئەنجام دەدەم.

تێکەڵاوبـــوونی ئەم دوو فەزایە، واتە مـــاڵ وەک شـــوێنێکی (تـــایبەتی – کەســـی) شـوێنەکە وەک (فەزایەکـی گشـتی - قەرەبـاڵغ)، خـۆی لە خۆیـدا ئەو پارادۆکسـە دژ بەیەکە دروسـت دەکـات کە ئایـا لە نـاو کـارگەیەک بـۆ وەبەرهێنـانی کولتـووری، توانـای ئەوەی هەیە کە (تـاک) بتـوانێ بیـر بکـاتەوە لەنـاو ژیـانێکی ئاسـایی نـاو ماڵـدا کە لەنێوان ژووری نووستن و گەرماو و تەوالێتدا ژیان بەسەر بەرێ.

لێـــرەوە هونەرمەنـــد ڕەنـــج حکـــمەت دەیەوێـــت لە ڕێگـــای هـــاتنە نـــاوەوەی ئەو ســـنووڕەوە گشـــتییە، واتە ســـنووری دەســـەڵاتی کولتـــووری بە دامودەزگـا حکـومی و ڕێکخراوەکـــانیەوە شـــوێنێک جیـــا دەکـــاتەوە و ڕاســـتەوخۆ ڕەخـــنە لەم سیســـتەمە دەگرێـــت، بەڵام بەشـــێوەیەک کە خـــۆی وا پیشـــان دەدات کە ڕاســـتە مـــن لە نـــاو ســـنووری ئێـوەدام، بەڵام مـن لە ســەروو ئێـوەوەم واتە مـن لە لـوتکەی شـوێنەکەدام ئێـوە لەژێـر مـنەوەن، بەڵـگەش ئەوەیە دەبـێ بە چەنـدین پەیـژە ســەرکەون تـا بـگەنە شـوێنەکەم، لە هەمـان کاتـدا ببیـنن چـۆن پاشـەڕۆی ماڵەکەشـم بەســەر ئێـوەدا دێـتە خوارێ.

بینەر وەک بەشێک لە کارەکە

لەم کـارەدا هونەرمەنـد ڕەنـچ حکـمەت بانگهێشـی بیـنەر دەکـات بـۆ مـاڵەکەی خـۆی، بەڵام بە یاســا و ڕێســای خـۆی، لە هەمـان کاتـدا مەرجـی هەیە بـۆ بیـنەر، لێـرەدا دەتـوانم نـاوی ئەم مەرجە بگـۆڕم بە وشـەی (سـزا) واتە گەر هەر بینەرێـک بێـتە نـاو کـارەکەیەوە مـامەڵە لەگەڵ کەلـوپەلی مـاڵەکەی بکـات (دەسـتکاری شـتەکان بکـات یـان سـنووری کـارەکە ببەزێنـێ) ئەوە دەبێـت بیسـت و چـوار کـاتژمێر لەگەڵ هونەرمەنـد بمێنیـتەوە و نمـایش بکـات، یـان دوای نمایشـەکەی بیسـت و چـوار کـاتژمێر هەمـان

پێرفۆرمانسی من دووبارە بکاتەوە، لە هەمان کاتدا یاسا و ڕێسای داناوە کە چۆن بێتە ناو کارەکەیەوە، نابێ بە هیچ شیوەیەک ئامێری وێنەگرتنت پێ بێ، واتە لێرەدا هونەرمەند ڕەنج حکمەت بە مەرج بینەر قبوڵ دەکات، بینەریش لەگەڵ خۆیدا لە ناو کارەکەدا (بەند دەکات)، واتە لێرەدا بینەر تەنها بۆی هەیە تەماشاکەر بێت یان ببێتە (شاهیدێک) بۆ کاری پێرفۆڕمانسەکە، لێردەدا بینەر دەوری پاسیڤێکی بێ دەسەڵات دەبینێ، لە هەمان کاتدا هونەرمەند ڕەنج حکمەت یاسا و ڕێسای بۆ دادەنێت بۆ گێڕانەوی کارەکە لە دوای تەواوبوونی ٢٤ کاتژمێر، واتە لێسەندنەوەی ئامێری تۆمارکردن و وێنەگرتن لە بینەر قەدەغە دەکات وەک پێشتر باسم کرد، ئەمە ئەوە دەردەخات کە هونەرمەند ڕەنج حکمەت دەیەوێت لە دوای تەواوبوونی کاری پێرفۆرمانسەکەی بینەر لە ڕێگەی تەنیا زمانەوە ئەم کارە بگێڕێتەوە بۆ کەسی سێهەم، لێرەدا کێشەی (گێڕانەوە) دەکەوێتە ناو کارەکەوە، کە بە بڕوای من بە گێڕانەوەی کارەکە بۆ کەسی سێهەم ئیتر کارەکە لە گێڕانەویەکی واقعی لە سەدا سەد دەردەچێت و دەچێتە دۆخی چیرۆک و ئەفسانەوەوە، کە بە تێپەڕبوونی کات و ڕۆژ کارەکە وەک خۆی نامێنێ بەڵکوو شتی لێ دەقرتێ و لە هەمان کاتدا شتی بۆ زیاد دەکرێت، بەم شێوەیە ئیتر بەشە بچووکەکانی یان پارچە بچووکەکانی ئەم کارە پێرفۆرمانسە ون دەبێت و لەگەڵ تێپەڕ بوونی کاتدا کارەکە ئاراستەیەکی تر وەردەگرێت هەم وەک کۆنسێپت وە هەم وەک فۆڕم و جوولە، ئیتر لێرەوە هەندێ چیرۆکی جیاواز و خەیاڵاوی تێکەڵاو بە کارەکە دەبێت کە کەسی سێهەم خۆی دروستی دەکات و دووبارە دەیگێڕێتەوە، ئەمەش بە باوەڕی من سوود بە کارەکە ناگەیەنێ، لە هەمان کاتدا کەسی سێهەم نابێ بە بینەر بەڵکوو دەبێت بە چیرۆکخوانی چیرۆکێکی ئەفسانە کە نەی دیووە.

به پێچەوانەشـــەوە لە ڕوویەکـــی تـــرەوە هونەرمەنـــد ڕەنـــج حکـــمەت لەگەڵ ئەوەی بیـــنەری پابەنـــد کـــردووە بە یاســـا و ڕێســـای خـــۆیەوە، لە هەمـــان کاتـــدا چەنـــدین ئـــامێری کـــامێرای دانـــابوو لە چەنـــد شـــوێنێکی جیـــاوازی کـــارەکە وە بەردەوام کـــارە پێرفۆرمانســـەکەی تۆمـــار دەکـــرد، واتە ٢٤ کـــاتژمێر، لێـــرەدا دووبـــارە هونەرمەنـــد ڕەنـــج حکـــمەت هێـــزی خـــۆی وەک (هـــونەرمەد)ی خـــولقێنەری کـــارەکە بەکـــار دەهێنـــێ بـــۆ گێـــڕانەوەی کـــارەکە و بە دیکـــۆمێنتکردن و تۆمـــارکردنی کـــارەکە، لە دواییـــدا بەوشـــێوەی کە خـــۆی دەیەوەێـــت کـــارەکە بگێـــڕێتەوە دەیگێـــڕێتەوە!! واتە لێـــرەدا هونەرمەنـــد هێـــزی ڕەهـــای هەیە لە گێـــڕانەوەی پێرفۆرمانســـکە بە پشتبەســـتن بە بەڵـــگەی (فۆتـــۆگرافی و تۆمـــاری ڤیـــدیۆیی و دەنگـــی) کە ئەو ڕاســـتییەمان بـــۆ دەگێـــڕێتەوە کە خـــۆی بە ڕاســـتی دانـــاوە لە هەمـــان کاتـــدا ئەو بینینەمـــان پیشـــان دەدات کە ئەو هەڵـــی بـــژاردووە نەک چـــاوی بیـــنەر کە تەماشـــای کـــردووە و کارەکەی لێوە بینیوە.

لێـــرەدا ئەبـــێ ئەوەش بڵـــێین بەکارهێنـــانی ئەم دەســـەڵاتە ڕەهـــایە لە خـــودی هونەرمەنـــدەوە لەپێنـــاوی ئەوەدا بـــوو کە کۆنســـێپتی کـــارەکەی بە لاڕێـــدا نەڕوات و نەبرێت بە ئاقارێکی تردا.

خود، دەنگ، بینەر، کەرستەکان

خود

لەم کـــارە پێرفۆرمانســـەدا خـــودی هونەرمەنـــد ئامـــادەیی نەبـــوو! بەڵکـــوو ئەو خـــودە ئامـــادە بـــوو کە بە ئاگـــاییەوە کـــۆنترۆڵی هەڵســـوکەوتەکانی نـــاو کـــارەکەی دەکـــرد، واتە هونەرمەنـــد ڕەنـــج حکـــمەت خـــودی نـــاوەوەی وەک مرۆڤێکـــی تەنیـــا (لێـــرەدا بـــۆیە

دەڵێم تەنیا لەگەڵ ئەوەی شوێنەکە شوێنێکی گشتی و فەزایەکی کراوە بوو بەڵام هونەرمەند ڕەنج حکمەت دەیەویست ئەوە بۆ بینەرەکانی پیشان بدات کە بە تەنیایە) بۆیە چاوەکانی هیچ کاتێک بەرچاوی بینەرەکانی نەدەکەوت واتە (پەیوەندی بینین) بوونی نەبوو لەنێوان هونەرمەند و بینەردا.

هونەرمەند ڕەنج حکمەت پێوستی بە هێزێکی گەورە بوو، بۆ ئەوەی ئەم پەیوەندییە لە نێوان خۆی و بینەردا نەهێڵێت، بەڵام لەسەر حسابی خودی هونەرمەندەکە بوو کە (خود) وەک هەست و وەک مامەڵە لەگەڵ جەستەی خۆی لەلای هونەرمەند ڕەنج حکمەت ئامادەیی نەبوو، یان دەتوانم بڵێم لە دەستی دابوو لە ژێر ئەو فشارە دەروونییە گەورەیەدا کە لە ساتی نمایشەکەدا دروست بووبوو، واتە لەگەڵ ئەو هەموو هەوڵەی هونەرمەند ڕەنج حکمەت بۆ دەرخستنی کەسێکی سەربەستی تەنیا لە مامەڵەکردن و هەڵسەکەوتدا، بەڵام ئەو لە ناخەوە چاوەڕوانی ڕووداوێکی دەکرد کە ڕوو بدات، واتە هەموو کاتەکە ئەو لە ئامادەباشیدا بوو بۆ ڕووداوێک کە ڕوو بدات لە ناو ماڵەکەی (لێرەدا مەبەستم لە بینەرە) یان لە دەرەوی ماڵەکە (لێرەدا مەبەستم دەزگا حکومییەکانە)، بۆ تێکدانی ئەو کارە پێرفۆرمانسە، بەڵگەی بۆ ئەمە ئامادەنەبوونی جەستەی هونەرمەند لە نمایشەکەدا، هیچ بەرکەوتەیەکی فیزیکی لەنێوان دەست و قاچ و جوولەی هونەرمەند نەبوو لەگەڵ جەستە خۆیدا، واتە پەیوەندییەکی ئاساییی نێوان عەقڵ و جەستە بوونی نەبوو، لێرەدا جەستە فەرامۆش کرابوو، ئەمەش بۆ دوو خاڵ دەگەڕێنمەوە:

یەکەم: ئەوەیە کە پێشتر باسم کرد ئەو حاڵەتە دەروونییەیە کە هونەرمەند ڕەنج حکمەت تێیکەوت بوو لە چاوەڕوانی ڕووداوێکدا بوو کە لە ئان و ساتدا ڕوو بدات. (لێرەدا ئەم هەستە لە پێش کارەکەوە بوونی هەبوو، واتە پێشتر هونەرمەند

ڕەنـــج حکـــمەت ئەو ڕووداوەی خســـتبووە پلانیـــیەوە کە بەهـــۆی کـــارە پێرفۆرمانســـەکەوە (خـــۆ ڕووتکـــردنەوە)وە دەزگـــا حکـــومی و فەرمییەکـــان کـــارەکە ڕابگرن، یان بینەر قبوڵی ئەو حاڵەتە نەکات و کارەکە بشێوێنێت).

دووەم: بـــابەتی خـــۆ ڕووتکـــردنەوە، بە تـــایبەتی لەنـــاو کـــۆمەڵگەی ئـــێمەی خێڵەکـــی و ســـونەتی و دینـــداردا، هەمیشـــە جەســـتە فەرامـــۆش کـــراوە بەتـــایبەتی هەنـــدێ لە بەشـــەکانی جەســـتە (تـــابۆ)کراوە بە هەمـــوو یاســـا و ڕێســـایەکی کـــۆمەڵایەتی و دینیـــیەوە و بەپێـــی یاســـا خـــۆ ڕووتکـــردنەوە لە شـــوێنە گشـــتیەکاندا قەدەغەیە و ســـزای هەیە.

جەســـتە لە دووری چـــاوی ئەوی دیـــدا، هەمیشـــە ئـــازادە، واتە جەســـتە لە تەنیایـــدا ئـــارامە، بەڵام لە کـــارە پێرفۆرمانســـەدا جەســـتەی هونەرمەنـــد ڕەنـــج حکـــمەت ئـــازاد نەبـــوو بگـــرە لەگەڵ ئەوەی جەســـتەیەکی ڕووتمـــان دی بە مانـــای (ڕووتـــی مـــرۆڤ) بەڵام ئـــازاد نەبـــوو بەڵکـــوو فەرامـــۆش کرابـــوو لەپێنـــاوی ئەوی دیـــدا (لێـــرەدا مەبەســـتم بیـــنەرە)، ئەمەش بە هۆکـــاری ئەو فشـــارە دەروونیـــیەیە کە لە نـــاوەوی هونەرمەنـــد دروســـت بووبـــوو بەهـــۆی دابـــونەریتی کـــۆمەڵایەتی و دینـــی و سیاســـی و بەرکەوتنـــی ڕاســـتەوخۆ لەگەڵ چـــاوی بیـــنەردا، جەســـتەی هونەرمەنـــد وەک جەســـتەیەکی سەربەســـت ئامـــادەیی نەبـــوو بەڵکـــوو لەژێـــر فشـــاردا بـــوو، لەگەڵ ئەوەشـــدا هونەرمەنـــد وەک کـــارێکی پێرفۆرمـــانس لە نمایشـــکردنی ڕووتبـــوونەوەدا کـــارێکی بـــوێری ئەنجـــام دا.

دەنگ

لە ڕوویەکی تـرەوە مـرۆڤ کە تەنیـا ئەبـێ و ئەم تەنیـاییە وا لە مـرۆڤ دەکـات هانـا بهێنـی بـۆ جەسـتەی خـۆی تـا بتوانێـت کەمێـک لە تەنیـاییەکەی کەم بکـاتەوە، واتە جەسـتە لەژێـر فشـاری دەروونیـدا پەنـا دەبـات بـۆ دەنـگ، وەکـو (فیکەلێـدان، گۆرانیـوتن، قسـەکردن، پـرتە پـرت، هـاوار، پیاکێشـان بە دەسـتی یـان بە قـاچ) واتە دەنـگ کـاردانەوەیەکی دەروونـی مرۆڤـانەیە جەسـتە پێـی هەڵدەسـتێ لە تەنیـایی و لە تـرس لە تەنیاییـدا، لە هەمـان کاتـدا کە مـرۆڤ بە تەنیـا دەبـێ ئەو کـاتەی کە بیـر دەکـاتەوە بە دەنگـی بەرز بیـر دەکـاتەوە، واتە کفتوگـۆ لەگەڵ خۆیـدا دەکـات بە دەنگـی بەرز بـۆ ئەوەی بێـتە دەرەوە لە نـاو جەسـتەی لە هەمـان کاتـدا گـوێ بەشـدار بـێ لەم گفتۆگـۆکردنە، بەڵام لەم کـارە پێرفۆرمانسـەدا دەنـگ بـوونی نەبـوو، واتە هونەرمەنـد ڕەنـج حکـمەت ئـامرازی دەنگـی بەکـار نەهێنـابوو، سـەرنجەکە لەوەدا بـوو بیـنەریش بێـدەنگ بـوو، ئەوەی دەبیسـترا دەنگـی ژاوەژاوی شـار بـوو لەگەڵ بانگـدان لە مزگەوەتەکانی شار.

بینەر

سـەرەتا ئەو بیـنەرانەی کە هـاتنە نـاو کـارەکەوە، هەمووییـان ڕازی بـوون بە یاسـا و ڕێسـاکانی کـارەکە، یەکەم بینـین بەری ئەکەوتـی ئەو کـوتلەیە (قەبـارە گەورەیە) بـوو کە لە ناوەڕاسـتی سـەربانەکەدا دانـرا بـوو، دوای چاوەکـان دەچـووە سـەر کەسـێکی بێجـووڵە و بێـدەنگ لەسـەر قەرەوێـڵەیەک پـاڵکەوت بـوو، لێـرەدا بینەرەکـان خـۆی ئامـادەکردبوو بـۆ ڕووداوێـک، بەڵام هـیچ ڕووی نەدەدا، ئەم چـاوەڕوانییە بێـدەنگییەکی سـەیری دروسـت کردبـوو، لەگەڵ جـووڵە و هەنگاوەکـانی هونەرمەنـد

ڕەنج حکمەت لەنێو ماڵە تازەکەی (قەرەوێڵەی ئاسنی، حەمام، توالێتی ڕۆژهەڵاتی و ڕۆژئاوایی و پەیژەی ئاسنین... هتد). لێرەوە بینەر هەر چاوەڕوانی ڕووداوێکی دەکرد کە ڕوو بدات، ئێستا نا تۆزێکی تر، بەڵام لە درێژەی کارەکەدا بەتایبەتی لە هەر سێ حاڵەتەکەدا، واتە (خۆشتن و گووکردن و میزکردن) بۆ هەندێ لە بینەران مایەی سەرسوڕمان بوو، کە چاوەڕوانی ئەوەیان نەدەکرد هونەرمەند ڕەنج حکمەت هەندێ لە بەشە تایبەتییەکانی جەستەی بەم شێوەیە ڕووت بکاتەوە، لەگەڵ ئەوەی پێش نمایشەکە بینەر ئاگادار کرابۆوە کە هەندێ حاڵەتی خۆ ڕووتکردنەوە ڕوو دەدات بۆ ئەوەی نەبێ بە (شۆک) بەڵام لە هەندێ بینەردا ئەو حاڵەتە دەرکەوت وەک شۆک و لە هەمان کاتدا بۆ چەند بینەرێک وەک بێزارکەر دەرکەوت، بە باوەڕی من بۆ دوو خاڵ دەگەڕێتەوە:

یەکەم: لە ئاستی چاوەڕوان کراوی بینەر نەبوو کە هونەرمەند ڕەنج حکمەت بەم شێوەیە خۆی بە تەواوی ڕووت بکاتەوە.

دووەم:-دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پەروەردە کۆمەڵایەتی و دابونەریتەی کە کۆمەڵگە لەسەری ڕاهاتووە، کە وەکوو لە پێشدا باسم لێوەکردووە.

ئیتر ئەم چاوەڕواننییە لە ڕووداوێک لە ناو نمایشەکەدا بوو بە چاوەڕوانییەکی بێزارکەر (مومیل) کە بە بڕوای من یەکێک بوو لە پلانەکانی هونەرمەند ڕەنج حکمەت خۆی، کە ئەو دووبارەبوونەوەیە و ئەو بێزارکەرییە بە ئاگاییەوە دابنێ و کارەکە هیچ ڕووداوێکی گەورەری تێدا نەبێ، بەڵکوو دووبارەکردنەوەی ئەو ژیانە ئاساییەیە کە لە ناو ماڵەکاندا دەکرێت هەموو کات و ڕۆژ و سەردەمێک، لەنێوان ئەم مامەڵە سادە و ساکارە بچووکانەی ژیاندا مرۆڤ ئەتوانێت مێشک بجوڵێنێ بۆ بیرکردنەوە و دۆزینەوەی چەندین ڕەهەندی

جیاواز، لێرەوە لەناو دۆخێکی چاوەڕوانکراوی مومیلی دووبارەدا بینەر ئەوەندەی تر پاسیڤ و بێ دەسەڵات دەردەکەوێت بەرامبەر کارەکە.

کەرستەی ناو کارەکە

مامەڵەی هونەرمەند ڕەنج حکمەت لەگەڵ کەرستەی ناو ماڵەکەدا مامەڵەیەکی ئاڵۆز و تایبەتی بوو، ئەوەی جێی سەرنج بوو شێوەی بەکارهێنانی کەلوپەلەکانە بوو، ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ شێوازی دیزاین و دروستکردنی ماڵەکە (کوتلەکە) کە بە ئاگاییەوە هونەرمەند ڕەنج حکمەت ئەم کەرەستانەی داناوە، بۆ نموونە گەر بیەوێت خۆی بشوات ئەوە پێویستە بچێتە سەر سەربان بە پەیژە ئاسنەکەدا تا بتوانێت بەلۆعەی دووشەکە بکاتەوە، دووبارە بێتە خوارەوە تا خۆی بشوات، بە هەمان شێوە دوای خۆشتن دەبێ بچێتەوە سەر سەربان بە هەمان پەیژەی ئاسنەکەدا بۆ گرتنەوەی بەلۆعەی دووشەکە، لە هەمان کاتدا گەر بیویستایە میز بکات دەبوایە بچێتە سەر سەربان بە پەیژە ئاسنەکەدا بچێتە سەرەوە بۆ ئەوەی توالێتە ڕۆژهەڵاتییەکە بەکار بهێنێ (کە بە ئاوەژوو دانرا بوو)، دووبارە بێتەوە خوارەوە بە پەیژە ئاسنەکەدا بۆ بەردانەوەی سیفۆنی ئاوی تەوالێتی ڕۆژهەڵاتییەکە و لابردنی ئەو میزەی کە کۆ بۆتەوە لەسەر سەربانی بەڕێوەبەرایەتیی ڕۆشنبیری و لاوان بەشی شێوەکاری و موزیک. ئەم کرداره ئاڵۆز و بە هێلاک بەرە، وای کردبوو کە جوولە و بەرکەوتەکانی جیاواز دەرکەون لە کرداری ئاساییی ڕۆژانەی مرۆڤ، لەگەڵ ئەو کەرەسانەدا کە لە ژیانی ڕۆژانەدا بەشێوەیەکی سادە و سانا دانراون بۆ بەکارهێنان.

مامەڵەکردن لەگەڵ کەرەستەکانی کارەکە ڕاستە ئاڵۆز و بێزارکەر بوو، بەهۆی دووبارەبوونەوەی لە ماوەی ئەو بیست و چوار کاتژمێرەدا، بەڵام هەندێ لە سەرکێشی تیابوو، بەتایبەتی بۆ خودی هونەرمەند ڕەنج حکمەت کە دەیتوانی هەموو شوێنەکانی ماڵەکەی بەکار بهێنی و لەزەت لەم جووڵە و کردارانە وەرگرێ وە وەک کرداریکی سەرکێشی و پڕ مەترسی سەیری بکەین، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ شێوازی دیزاینکردنی ئەو (کوتلەیە) و نەبوونی پارێزگاری و سەلامەتی، بە باوەڕی من مامەڵەکردن و جووڵەکان لەگەڵ دیزاینی کوتلەکەدا (ماڵەکە) تەواوکەری یەکتر بوون، شێوە و جووڵەیەکی گونجاوی دابوو بە کارەکە.

لە کۆتاییدا بە پێویستی ئەزانم بە کورتی باسی دوو کارە پێرفۆرمانسی (ماڵێک بێ دیوار و Wohnamt) بکەم، وەک درێژکراوەی مێژووی هونەری شێوەکاری پێرفۆرمانس لە لای ئێمە. بە تایبەتی کە بیرۆکەی ماڵ یان شوێنی نیشتەجێبوون و فەزای گشتی هەمیشە ئامادەیی هەبووە لە کاری هونەرمەندانی ئێمەدا، بۆیە وەستان لەسەر ئەم کارانە بە باوەڕی من لە خزمەتی ئەم نووسینەمدا دەبێت بۆ سودوەرگرتن و خوێندنەوەیەکی ورد لە کاری (٢٤ کاتژمێر پێرفۆرمانس، هونەرمەند ڕەنج حکمەت)دا و دۆزینەوە و شیکارییەکی فرەڕەهەندی بۆ کارەکە بکرێت یا بزانین ئەم کارانە بەرەو کوێ دەڕوات لە داهاتوودا، لە هەمان کاتدا دەستنیشانکردنی ڕەگ و ڕیشەی هونەری شێوەکاری پێرفۆرمانس سەبارەت بە کۆنسێپتی ماڵ و فەزای کراوە بە پێی کات و شوێنی سەردەمەکە.

- کاری پێرفۆرمانسی (مالێکی بێ دیوار)

هونەرمەندان ڕۆژگار مەحمود – ئاڤان عومەر لە ساڵی (2008) لە شاری سلێمانی لە چوارچێوەی (پڕۆژەی شار)دا ئەم کارەیان نمایش کراوە، کارەکە لە ماوەی یەک ڕۆژ تا ئێوارە بەردەوام بووە، مالێک لە ناوەڕاستی گەڕەکێکدا لەسەر ڕووبەری زەوییەکی تەخت (١٥٠) مەتر دووجا دروست کراوە بە هەموو کەلوپەلی ژوورەکانییەوە دانراوەتەوە کە دیوار بوونی نییە تەنها کەلوپەلی ژوورەکان ناسنامە دەدەن بەو ڕووبەرەی کە لەسەری دانراوە، واتە ژووری نووستن و میوان و چێشتخانە و هۆڵ و هتد، ئەم کارە بۆ ژیان لەگەڵ خەڵک و بە تایبەتی ژنان و شوێنە گشتییەکاندا، لە هەمان کاتدا بۆ گۆڕینی فەزای ماڵە و بە بەرچاوکردن بۆ نەبوونی دیوار لە فەزای گشتیدا.







- کاری پێرفۆرماسی (Wohnamt)

هونەرمەند سۆران ئەحمەد، لە ساڵی (٢٠٠٩) لە شاری سلێمانی ئەنجامی دا، کارەکە بۆ ماوەی یەک ڕۆژ بەردەوام بووە، پڕۆژەکە لە دوو قۆناغی (ماوەیی) دژ بە یەکتر، بۆ یەک باڵەخانە پێک هاتبوو، باڵەخانەکە لە ئێستادا پێی دەوترێت (دەزگای دیزاینی ڕاگەیاندن سەر بە بەڕێوەبەرایەتیی ڕۆشنبیریی سلێمانی) کە لە بنەڕەتدا ئەو باڵەخانەیە خانووی ئاساییی نیشتەجێ بووی هاوڵاتی بووە، بەڵام لەم کارەدا هەوڵ دراوە دوو ڕێبازی دژبەیەک پێوڵێن بکرێت، واتە خانووەکە لە بنەڕەتدا خانوویەکی تایبەتی خێزانی بووە، بەڵام لە ڕێگەی پرۆسەی بە کرێدانەوە ئەم خانووە گۆڕدراوە بۆ خانوویەکی گشتی واتە بووە بە فەرمانگەی حکومی خزمەتگوزاری.

بیرۆکەکە لە ڕاستیدا لەگەڵ بیرەوەرییەکانی ژووریکدا یەک دەگرنەوە، کە ئەمڕۆ بۆتە بەشی ژمێریاریی بەڕێوەبەرایەتیی ڕۆشنبیری، بەڵام لە نەخشەی بنەڕەتی باڵەخانەکەدا ئەم ژووڕە وەک ژووری نووستن (خەوتن) دیزاین کراوە، هەوڵی هونەرمەند سۆران ئەحمەد ئەوەیە کە ئەم بیرەوەرییە نەبینراوانە دووبارە لە

ڕێگەی کەرەستە و مۆبیلیاتی ژووری خەوتنەوە وەکو سیستەم و معرەز و مێزی تواڵێت و دۆڵاب دابنێتەوە لە ناو ژوورەکەدا، لە هەمان کاتدا فەرمانبەرەکان لەسەر میزی کارەکانیان کاری ڕۆژانەی خۆیان ئەنجام دەدەن، واتە ژوورەکە لە یەک کاتدا هەردوو کارەکە ئەنجام دەدات وەک ژووری نووستن کە دەتوانرێت بەکار بهێنرێ و لە هەمان کاتدا وەک ژووری ژمێریاری ئەو فەرمانگەیە کاری ڕۆژانەی خۆی تێدا ئەنجام دەدات.



کۆتایی

لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت پرسی مااڵ یان شوێنی نیشتەجێبوون وەک بیرۆکە و کۆسپێپت ڕەگ و ڕیشەی هەیە لە ناو هونەری شێوەکاریی ئێمەدا، هەوڵ دراوە بە ڕێگە و شێوازی جیاواز تێگەڵ بە فەزای گشتی بکرێت، کاری 24 کاتژمێر پێرفۆرمانسی هونەرمەند ڕەنج حیکمەت، لە ڕێکەوتی (26.09.2026 بۆ 27.09.2026) لە سەر سەربانی بەڕێوەبەرایەتیی ڕۆشنبیری و لاوان بەشی شێوەکاری و بەشی موسیقا، لە ناو کارگەی کولتووری شاری سلێمانی. نوێترین کاری پێرفۆرمانسە لە سەر مااڵ و شا – شوێنی تایبەتی و شەخسی –و شوێنی گشتی.

سەرچاوەکان

1/ 24 کاتژمێر پێرفۆرمانس، هونەرمەند ڕەنج حکمەت. نووسینی ئافان سدیق، وێبسایتی ژنەفتن.

2/ 24 کاتژمێر پێرفۆرمانس، جەستە وەک دروستکەری ڕووداو، هۆشەنگ بەهجەت، وێبسایتی فریز.

3/ گواستنەوەی ژیانی تایبەتی بۆ فەزای گشتی، سەنگەر قوبات، والّی تابەتی خۆی.

4/ کاری پێرفۆرمانسی (مالّێکی بێ دیوار) هونەرمەندان ڕۆژگار مەحموود – ئاڤان عومەر لە سالّی (2008) لە شاری سلێمانی، لە هونەرمەند ڕۆژگارەوە وەرگیراوە.

5/ کاری پێرفۆرماس (Wohnamt) هونەرمەند سۆران ئەحمەد، سالّی 2009 لە بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری سلێمانی. لە وێبسایتی سۆران ئەحمەدەوە وەرگیراوە.

6/ گفتوگۆی بازنەی دەربارەی 24 کاتژمێر پێرفۆرمانس، هونەرمەند ڕەنج حکمەت، لە ڕێکەوتی 25.10.2026 لە کارەگەی کولتور، بە ئامادەبوونی خاوەن کارەکە.